

# سۆفیا

**مستەفا مەستور**

**لە فارسییەوە: جەبار سابیر**

بەڕێز هەڵەمان کرد. بە خوا تێنەگەیشتین. من هەر لە سەرەتایشەوە دەترسام، بەڕێز. بە گیانی دایکم دەترسام. نەمدەویست بەمجۆرە بێت. واتا کەس نەیدەویست. نە من، نە ئاسی، نە ڕەسوڵ. بە تایبەت کە تازە عیدی مردبوو و کەس حەوسەڵەی ئەم کارانەی نەبوو. بە خودا خەتای من نەبوو، بەڕێز. خەتای ئاسی بوو. نەفرەت لە ئاسی. بە خودا ئاسی فریوی داین، بەڕێز. هەم من و هەم ڕەسوڵیش. وەختێ گلابی بە مشارەکەی تۆپەکەمانی دڕاند، ئاسی وتی: (ئەم گلابییە حوشترە سەگی کێیە تا تۆپی ئێمە بدڕێنێ؟) وتی: (دوو رۆژ نابێ هاتووەتە ئەم کۆڵانە، ئەیەوێ یارییەکەمان لێ تێکبدات؟) وتی: (دایکی لە پرسەیدا دادەنیشێنم.)



تۆپەکە بەر شووشەی کارگەکەی گلابی کەوتبوو. خۆ کارگە نەبوو، دوکانێکی چوار بە پێنج مەتر بوو لەسەر تابلۆکەی نووسرابوو: (کارگەی دارتاشی میهەن). شووشەکە نەشکابوو، تەنیا گۆشەیەکی خوارەوەی درزێکی تێکەوتبوو. ڕۆژی یەکەم کە هاتبووە کۆڵانەکە، ئاسی هەر کە بینیی وتی: (کەللە هەرمێ.) ئاسی ڕاستی دەکرد. بەشی سەرەوەی سەری پان بوو، خوار کەللەی بە دوو قەوس باریک دەبووەوەو لەبەرئەوەی سەری ئەسڵەح بوو لە دواوە ڕێک لە هەرمێ دەچوو. نازانم ناوی چی بوو. واتا وابزانم کەس نەیدەزانی. هەموو پێیان دەوت (گلابی). غولام سەگی دەیوت لە بەندەر ژنەکەی کوشتووەو دواتر هەڵاتووەو هاتووە بۆ ئێرە. باوکی ئاسی دەیوت بێگومان ژنەکەی تەڵاقی لێوەرگرتووە. جارێکیان باوکم بە دایکمی وت ڕەنگە لە زیندان هاتبێتە دەرێ. وتم: (زیندان یانی چی؟) باوکم هیچی نەوت. پاشان بە دایکمی وت: (لەوە ناچێ پیاوکوژ بێت. واتا قیافەی لە پیاوکوژەکان ناچێ. زیاتر لە حوشتر دەچێت.)
باوکم ڕاستی دەکرد. لەگەڵ ئەوەی کە قەڵەو بوو کورتەبنەو چاوەکانی ئەوەندە وردبوون، کە هەمیشە سەرت دەسووڕما چۆن دەتوانێ بەو چاوانە ببینێ، بەڵام قیافەی لە پیاوکوژان نەدەچوو. سەرەڕای ئەوەیش وتم: (مەگەر پیاوکوژان شێوەیان چۆنە؟)

باوکم وتی: (بێدەنگبە بزنمژە، قسەم لەگەڵ تۆ نەکردووە.)

سەرەتا وامان هەستدەکرد کەڕو لاڵە. یەعنی تا بەرلەوەی کە بەو تەلەفۆنە ڕەشە ئەڵمانییەی قسە بکات، بەڵام لامەزهەبە بێدەنگ بوو. مەبەستم ئەوەیە تا ناچار نەبوایە قسەی نەدەکرد. خەریکی کاری خۆی بوو. یەعنی یا بە مشارەکەی تەختەی دەبڕی، یا تەختەکانی بڕبەندکاری دەکرد، یا بە چەکوشەکەی بزماری دادەکوتی. زیاتر کورسیی دروستدەکرد. جارجارێ مێزیشی دروستدەکرد، بەڵام زیاتر کورسی. ڕەسوڵ وتی جارێکیان پەنجەرەیەکی تەختەیی دووتاکی کە گلابی دروستی کردبوو، لە کارگەکەیدا بینیوە. وتی: (تا ئێستا پەنجەرەیەکم بەو جوانییە نەبینی بوو.) وابزانم مرۆڤێکی زۆر دەوڵەمەند داوای پەنجەرەکەی کردبوو. هەرچەندە من قەت ئەو پەنجەرەیەی کە ڕەسول دەیوت، نەمبینی. هەمیشە قەڵەمێکی بچووک بە پشت گوێوەی بوو. تەنانەت وەختێ دەچووە سەرئاوەکانی مزگەوتی فەزڵیشەوە. وەختێ بێکار دەبوو-کە زۆر کەم دەهاتە پێش- لەسەر یەکێ لەو کورسییانە دادەنیشت، کە خۆی دروستی کردبوو و لە ئاپۆرای ناو بازاڕ ڕادەما.

ڕەسوڵ وتی: (بە چ جۆرێک؟ بە چ جۆرێک دەتەوێ دایکی لە پرسەکەیدا دانیشێنی؟)

ئاسی وتی: (نازانم، بەڵام بێگومان ڕێگایەکی هەیە. باوکم دەڵێ هەر کارێ ڕێگایەکی هەیە.)

***

دوای دوو ڕۆژ ئاسی ڕێگەکەی دۆزییەوە. واتا وای هەست دەکرد کە دۆزیویێتییەوە. خۆرئاوابوو کە چووینە کابینەی تەلەفۆنی گشتیی سەر کۆڵانەکەو ئاسی ژمارەی کارگەی گلابی لێدا. ژمارەکەی لەسەر تابلۆی سەر کارگەکەی ئەزبەرکردبوو. کە گلابی بیستەرەکەی هەڵگرت، ئاسی وەکو ژن دەنگی ناسککردەوە. ڕەسوڵ لە پێکەنیندا ورگی خۆی گرت و لە کابینەکەی هاتە دەرێ. ئاسی لە بیستەرەکەدا وتی تەڵاقی لە مێردەکەی وەرگرتووەو دەیەوێ

دەردەدڵ لەگەڵ کەسێک بکات. نازانم لەوسەری هێڵەکەوە چیی بیست، کە لەپی دەستی خستە سەر بیستەرەکەو دایە پێکەنین. کە لە کابینەکە هاتینە دەرێ تا ماڵەوە پێدەکەنین. کە گەیشتینە ماڵی ئاسی، وتم: (گلابی چی وت ئاسی؟)

ئاسی وتی: (هیچ، وتی ئەویش حەزدەکات لەگەڵ کەسێک دەردەدڵ بکات.) کە ئەمەی وت دیسان تریقایەوە.

***

لەو رۆژە بەدواوە، ئاسی چەند جاری تریش تەلەفۆنی بۆ گلابی کرد. پێی وتبوو ناوی، یەعنی ناوی ئەو ژنەی کە ئاسی لە دەنگەکەی نابوو، «سۆفیا» نازانم لە کام دۆزەخ دۆزیبوویەوە. ئاخر کەس لە کۆڵانەکەی ئێمە ناوی سۆفیا نەبوو. وابزانم ناوی یەکێ لەو ئەکتەرانە بوو کە رەسوڵ وێنەکانی کۆدەکردەوە. بێگومان ناوەکەی لە رەسوڵ بیستبوو. ئاسی بە گلابی وتبوو ئەگەر پیاوێکی باش دەستبکەوێت رەنگە دووبارە مێرد بکات.

***

چووبووینە کەلاوەکەی پشت سینەما مۆڵن رۆژەوەو خەریکبووین بە تیروکەوانە لاستیکییەکانمان یەکێ لەو بتڵە عەرەقە سەگییانەمان دەکردە ئامانج کە غوڵام خورادبوویەو بەردمان تێدەگرت. ئاسی وتی هەر بۆ پێکەنین دەیەوێ گلابی بێنێتە بەردەم سینەما مۆڵن رۆژ. تا ئەو جێیەی توانیم لاسیکی تیروکەوانەکەم راکێشاو وتم: (بە چ شێوەیەک؟) چاوێکم نووقاندو لە بتڵەکە وردبوومەوە. کە لاستیکەکەم بەردا، بەردەکە بە پەنا شووشەکەدا رەتبوو تۆزێک خۆڵ بەرزبووەوە بە هەوادا. نۆرەی رەسوڵ بوو. رەسوڵ بەردێکی بچووکی خستە ناو چەرمی نێوان لاسیکی تیروکەوانەکەو چاوێکی داخست. سەری زمانی لە نێوان لێوەکانییەوە هێنایە دەرێ و بەو چاوەی کە کرابووەوە بتڵەکەی کردە ئامانج. وتی: (بە رێکەوت مۆڵن رۆژ فیلمی کینگ کنگ پیشان دەدات. شەوان خەڵک دەرژێنە ئەوێوە.) و دەستی بەردا. بەردەکە بە تەنیشت بتڵەکەدا رۆی و کەمێک دوورتر بەر دیواری سینەماکە کەوت. دیسان پرسیم: (بەچ شێوەیەک دەتەوێ بیهێنیتە ئەوێ؟)

ئاسی ئەوەندە لاستیکی تیروکەوانەکەی کشاندبوو، دەستەکانی کەوتبوونە لەرزین. وتی: (نازانم. بە دروستی نازانم، بەڵام بێگومان رێگەیەکی هەیە.) لاسیکەکەی بەرداو کەوتە جنێودان بە بتڵەکە: (باوک سەگ!)

بتڵەکە ورد بوو.

***

لە کەللەی سەگیشیان بسرەواندایە، لەو گەرمای کاتژمێر سێی دوانیوەڕۆیەی ناوەڕاستی هاویندا لە کولانەکەی نەدەهاتە دەرێ. من و رەسوڵ و ئاسی بە پایسکلەکانمانەوە لەبەردەم سینەما مۆڵن رۆژدا لە پشت دارێکەوە خۆمان مەڵاسدابوو. شەڵاڵی عەرەق بووین. دنیا گەرمبوو، لامەزهەب. چاوەڕوان بووین گلابی بێت.

رەسوڵ وتی: (بەگیانی دایکم نایات) و لەسەر دەرگای سینەماکە وردبووەوە. کینگ کنگ فرۆکەیەکی بە دەستەوە گرتبوو خەریکبوو بە دەستەکەی تری دەیکێشا بە باڵەخانەیەکی سەد نهۆمیدا.

ئاسی وتی: (سۆفیا پێی وتووە کاتژمێر سێ بێتە



بەردەم سینەماکە. بە چاکەت و پانتۆڵ و کڵاوی شاپۆ و قۆنەرەی گلاسی و چاویلکەی هەتاوی)
وتم: (ئیتر کڵاو لەبەرچی؟)
ئاسی وتی: (بۆ ئەوەی کەس قژە جوانەکەی نەبینێت) و دایە پرمەی پێکەنین.
رەسوڵ وتی: (هات! بە گیانی دایکم هات!)
ئێمە، وەک ئەوەی جنمان بینیبێت، لە کابرایەک راماین کە لە ناوەڕاستی گەرمای هەزار پلەی هاویندا، وەک ئەوەی لە ئەستێرەیەکی ترەوە هاتبێت، یا لە دۆزەخ هەڵاتبێت، لەسەر پلیکانە بەردییەکەی سینەما مۆڵن رۆژ دانیشت. بە چاکەت و پانتۆڵێکی خوری و قۆندەرەی گلاسی و کڵاوی شاپۆ و چاویلکەی هەتاوی.

***

رەسوڵ وتی: (ئاسی، بەسە ئیتر)
ئاسی وتی: (تەنیا ئەمجارە)
وتم: (منت لەگەڵ نیم)
ئاسی وتی: (بە گیانی دایکم تەنیا ئەمجارە)
سێ قۆڵی رۆیشتینە کابینەی تەلەفۆنی گشتییەوە. رەسوڵ دوو ریاڵییەکەی خستە تەلەفۆنەکەوەو ئاسی ژمارەکەی لێدا. نیوەڕۆبوو کابینەکە ئەوەندە گەرمبوو، پێکەوە نووسابووین تا بەر دەرگاو دیواری ئاسنی کابینەکە نەکەوین. وەختێ ئاسی ژمارەکەی لێدەدا هەرسێکمان گوێمان چەسپاندبوو بە بیستەری تەلەفۆنەکەو گوێمان لە دەنگ زەنگەکەی گرتبوو.
رەسوڵ وتی: (ئەم کاتەی نیوەڕۆ هەموو خەڵکی دنیا نووستوون. تەنانەت سەگو پشیلەکانیش. تەنانەت مشکەکانیش)
ئاسی وتی: (گلابی لە ریزی هەموو خەڵکی دنیا نییە)
کە گلابی بیستەرەکەی هەڵگرت، ئاسی پاڵی بە هەردووکمانەوە نا بۆ دواوەو بەر دیواری ئاسنی گەرمی کابینەکە کەوتین. رەسوڵ جنێوی بە ئاسنی رەنگ زەردی کابینەکە داو بە شەق تێی بەربوو.
ئاسی دەنگی ناسککردەوەو وتی باوکی مردووەو دەیەوێ دوانیوەڕۆ بۆ ناشتنی تەرمەکەی بە ئۆتۆبۆس بڕوات بۆ شیراز. وتی یەک دوو هەفتەی تر دەگەڕێتەوە. وتی هەربۆیە دوێنێ نەیتوانیوە لە کاتی خۆیدا لەبەردەم سینەما مۆڵن رۆژدا ئامادەبێت. پاشان شتانێکی وت لەمەڕ ئەوەی کە کارێکی تازەی لە بەرگدرووی پەریسا خانم دۆزیوەتەوە. کاتێ ئاسی لە بارەی بەرگدروونەوە قسەی دەکرد، دەتوت لەگەڵ من یا رەسوڵ یا باوکی قسەی دەکرد. دەنگی ژنانە نەبوو.

***

عەسر لە گەراجی گواستنەوەی ئیران تور، گلابی تا خۆرئاوا چاوەڕێی سۆفیا بوو. سۆفیای نەبینی بوو نەیشی دەناسی، هەربۆیە جۆرێک سەیری ژنانی ناو گەراجەکەی دەکرد، وەک بڵێی هەر یەکێ لەوانە دەیانتوانی سۆفیا بێت. چاوەڕێ بوو یەکێ لە ژنەکان بێتە پێشێ خۆی پێ بناسێنێ. وەختێ هەواڵێک لە سۆفیا نەبوو من و ئاسی و رەسوڵ چووینە پێشێ. کە گلابی ئێمەی بینی دەموچاوی تێکناو وتی: (لێرە چیتان ئەوێ؟)
ئاسی وتی: (چاوەڕێی کێیت؟)
رەسوڵ وتی: (وابزانم چاوەڕێی سۆفیا خانمە.)
گلابی وتی: (بێدەنگبن!)
ئاسی وتی: (سۆفیایەک لە ئارادا نییە، گلابی.)
گلابی وتی: (بڕۆن ونبن لە بەرچاوم!)

وتم: (ئاسی ڕاست دەکات، سۆفیایەک لە ئارادا نییە. خۆی لە تەلەفۆنەکەدا دەنگی سۆفیا دروستدەکات.)

ڕەسوڵ وتی: (ئاسی، دەنگی سۆفیا دروست بکە تا تێبگات.)

ئاسی دەنگی ناسک کردەوەو وتی: (وای چەندم خۆشئەوێی.)

کە ئەمەی وت، کتوپڕ گلابی هاتە پێشێ و گوێچکەی ڕەسوڵی گرت. خەریکبوو شەقی تێهەڵدەدا کە من و ئاسی لە ترسا هەڵاتین، بەوجۆرە کە ڕامان دەکرد دادو هاواری ڕەسوڵمان دەبیست، کە گلابی جنێوی بە شیراز و ئۆتۆبۆس و ناشتنی تەرم و ڕەسوڵ و خۆیشی دەدا.

***

ڕەسوڵ وتی: (غولی بێ کلک و شاخ.) وتی: (کەس نەیەتە ناوەوە.) وتی: (تلی ساڤالاس)و چووە کابینەی تەلەفۆنەکەوە. من و ئاسی لە پشت شووشەی کابینەکەوە لە ڕەسوڵ وردبووینەوە، کە هێشتا گوێچکەی بەهۆی لێدانێک کە گلابی لە گەراجەکە لێیدابوو، سوور هەڵگەڕابوو. دواتر گوێچکەمان چەسپاند بە شووشەکەوە، بەڵام هیچمان نەدەبیست. لە شەقامەکە هەراوهۆریابوو.

ئاسی وتی: (بابڕۆینە سۆراغی گلابی.)

سواری پایسکیل بووین و تا کارگەکەی گلابی یەک هەناسە پایدەرمان لێدا. وەختێ گەیشتین، گلابی وەستابوو خەریکبوو بە تەلەفۆن قسەی دەکرد. یەعنی قسەی نەدەکرد، تەنیا خەریکبوو گوێی دەگرت. پایسکیلمان خستە سەر شۆستەکەو بە ترسەوە چووینە پێش. گلابی دەنگی کەوتنی پایسکلیکەی نەژنەوت. ئێمەی نەبینی. وشک ببوو، وەک بڵێی لە ناوەڕاستی سێرو کورسی و تەختەی کارگەکەدا، بە پێوە مردبوو. وەک بڵێی کەسێک خەریکبوو لەوسەری هێڵەکە، ناونیشانی بەهەشت یا هەواڵی بردنەوەی بیوک جی. ئێس. ئێکسی بەو دەدا. تەنیا کاتێ بیستەرەکەی دانا ئێمەی بینی و پارچە تەختەیەکی تێگرتین.

***

ڕەسوڵ وتی: (پێم وتووە تەواو دڵم- یەعنی دڵی سۆفیا- بۆی تەنگ بووە. بە ڕاستی کەرە. ئەسڵەن دەنگەکان لێک جیاناکاتەوە.) وتی: (پێموتووە وەختێ خەریکبووی ئەو هاروجەت لە گەراجەکەدا دارکاری دەکرد، سواری ئۆتۆبۆس بووم و تۆ منت نەبینی.)

ڕۆژی دواتر ئاسی تەلەفۆنی بۆ گلابی کرد و وتی میهەن-خوشکەکەی، یەعنی خوشکی سۆفیا- خەریکە تەڵاق لە مێردەکەی وەردەگرێت و دەبێت بڕوات بۆ ئەسفەهان. سێ ڕۆژ دواتر ڕەسوڵ هەواڵی گەڕانەوەی دایە گلابی. هەفتەی دواتر ئاسی بە گلابی وت دایکێ- یەعنی دایکی سۆفیا- نەخۆش کەوتووەو دەبێ بگەڕێتەوە شیراز. کە لە شیراز گەڕایەوە ڕەسوڵ تەلەفۆنی کرد و وتی لەگەڵ پەریسا خانم شەڕی بووەو لە بەرگدرووەکە دەری کردووە. وتی بە شوێن کاردا دەگەڕێ. پاشان سۆفیا ماڵی گواستەوەو چوو بۆ خانوویەک، کە لە پشت مزگەوتی فەزڵییەوە بوو. مانگی دواتر میهەن لە ئەسفەهانەوە هاتو بووە هاوماڵی سۆفیا. دواتر سۆفیا لە ئارایشتگەیەک کارێکی دۆزییەوەو دوای دوو هەفتە دایکی مرد.

***

قەت غوڵام سەگیم بەمجۆرە مەست نەبینی بوو.



کە لە پشت بەربەستی لافاوەکە سەرکەوتین غولاممان بینی. شەوێکی تاریک بوو، غولام لەژێر رووناکیی کزی گلۆپی ستوونی کارەباکەدا لەسەر بەربەستی لافاوەکە دانیشتبوو، خەریکبوو عەرەقی دەخواردەوە. لەوبەری چەمەکە رامابوو. هاوین بوو بەهۆی گەرمیی دنیاوە کراسەکەی شەلاڵی عەرەق ببوو.

ئاسی وتی: (من تەواو حەوسەڵەم نەماوە، ئێستا سۆفیا لە کوێیە؟)

رەسوڵ وتی: (وابزانم چووە بۆ شیراز بۆ ناشتنی تەرمی دایکی.)

بۆگەنی ئەو ماسییە وردانەی کە ماسیگرەکان لە خوار بەربەستی لافاوەکە رشتبوویان، خەریکبوو کوێری دەکردین. غولام لە تاریکییەکەدا وتی: (ئەمشەو لە شیراز گەڕاوەتەوە.) و پاشان بتڵە بەتاڵەکەی فڕێدایە چەمەکەوە.

رەسوڵ لەسەرخۆ وتی: (بە گیانی دایکم من هیچم پێنەوتووە.) رەسوڵ راستی دەکرد. یەعنی وەختێ سوێندی بە گیانی دایکی دەخوارد، درۆی نەدەکرد.

ئاسی وتی: (مارمێلکە تۆ وتووتە؟)

وتم: (بە گیانی ئاسی کاری من نەبوو، من هێندەی سەگێک لە غولام دەترسم.)

ئاسی وتی: (بێگومان ئەو کەرە خۆی وتویێتی.) مەبەستی گلابی بوو.

غولام وتی: (ئەو لامەزهەبە وەک مانگ وابوو، ئەمشەو بینیم. لە گەراجی ئێران تور بوو. حەیفە ئەم حۆرییە بکەوێتە دەست گلابی بێ کلک و شاخ. تا غولام هەبێت ئەم یارۆ دەشتەکییە کەری کوێیە.) پاشان تفێکی رۆکردە سەر خۆڵی بەربەستەکەو ئەمجارە لە خۆوە هاواریکرد: (سۆفی پارووی ئەو حەرامزادەیە نییە. دایکی لە پرسەدا دادەنیشێنم، کەسێک بیەوێ بە خراپ سەیری سۆفییەکەی من بکات. ئەو دەورانە گوزەشت کە غولام رێگەی بە هەر هەتیو و مەتیوێک دەدا، دەمەدەمەی لەگەڵ بکات. لە سبەیەوە کەسێک ناوی سۆفی بهێنێ تێلاترپێنی دەکەم. تێگەیشتی؟)

رەسوڵ هەنگاوێک هاتە دواوەو بە ئاسییەوە لکا.

وتم: (کوڕینا بابڕۆین.)

غولام چەقۆ ئەبوئەڵقەکەی لە گیرفانی دەرهێناو لە هەوادا سووڕاندی. لە خۆوە هاواری دەکرد. لامەزهەبە کەللەی گەرم ببوو.

وتی: (ئەوەی کە غولام تەمەنێک چاوەڕوانی بوو ئێستا لە شیراز گەڕاوەتەوە.) پاشان تا ئەو جێیەی کە دەیتوانی دەنگی نزمکردەوە: (حۆری چییە؟ مانگ بوو کە لە ئۆتۆبۆسەکە دابەزی. لامەزهەبە، لە ئاسمانەوە هاتبووە ئۆتۆبۆسەکەوە. بۆیە ئەمشەو تاریکە. وەختێ مانگ بچێتە ئۆتۆبۆسەوە، ئیتر هەموو کەرێک دەزانێ لە ئاسمان نییە. مانگ یا لە ئاسمانە یا لە ناو ئۆتۆبۆسدا. من دەڵێم لە ئۆتۆبۆسدایە.) دیسان قیژاندی: (ئەگەر لە ئاسمانە، کەواتە لەبەرچی ئەم ئاسمانە نەفرەتییە وەک قیر رەشە؟)

کە لە بەربەستەکە چووینە خوارێ، هێشتا غولام نەڕەنەڕی بوو. خەریکبوو لەبارەی سۆفیا و ئاسمان و ئۆتۆبۆس و مانگ و تاریکی و گلابی و چەقۆ و تێلاترپێنەوە قسەی دەکرد.

***

هەرچی پارەیەک لە دەخیلەکانماندا هەبوو خستمانە

سەریەک و دامان بە شەهێن تەڵا. پێمان وت برۆ بۆ دوکانی گلابی و پێی بڵێ ناوی سۆفیایە. نەجیب نەبوو، بەڵام ئەگەر کارێکی لە دەست بهاتایە بۆ خەڵکی ئەنجام دەدا. وتمان پێی بڵێ دەیەوێ بۆ هەمیشە لەم شارە بڕوات. ئاسی وتی تا غوڵام بەڵایەکی بەسەر گلابی نەهێناوە، دەبێ سۆفیا لەم شارە بڕوات. بەڕێز بە خوا نەماندەزانی بەمجۆرەی لێدێت. بەناخێرمان وامان زانی بیرێکی باشمان کردۆتەوە. ئاسی وتی سۆفیا لەم شارە بڕوات مەسەلەکە تەواو دەبێت. بەڵام مەسەلەکە تەواو نەبوو، بەڕێز. وتم خەتای ئاسی بوو. بە خوا ئێمە بێگوناهین. وەختێ شەهێن تەڵا چووە سۆراغی گلابی، ئێمە لە پشت ڤۆلکس واگنی پۆستەخانەکەوە خۆمان شاردەوەو سەیرمان کرد. سەرەتا شەهێن تەڵا تۆزێک قسەی لەگەڵ گلابی کرد و پاشان دەستی خستە سەر روومەتی. دەنگیانمان نەدەبیست، بەڕێز. وابزانم گلابی قسەی نەکرد. یەعنی من نەمبینی، بەڕێز. دواتر شەهێن خانم کەوتەڕێ و ڕۆی. کە شەهێن ڕۆیشت، گلابی لەسەر شۆستەکە دانیشت. وەک بڵێی هەواڵی مەرگی دایکیان دابوویە. ئاسی وتی: (بۆچی لەوێ دانیشت؟) پاشان لەسەر شۆستەکە هەستاو چووە کارگەکەوە. بزمارێکی گەورەی هەڵگرت و دەستی چەپی خستە سەر مێزی کارەکەی. بە دوو پەنجەی هەمان ئەو دەستەی کە لەسەر مێزەکە بوو، بزمارەکەی لەسەر لەپی دەستیدا دانابوو. دواتر بە دەستی ڕاستی چەکوشەکەی هەڵگرت و تووند بە بزمارەکەی کێشا. خوێن پرژایە دەموچاوی. سەر کراسەکەی، سەر مێزەکە. سەر دیوارەکە. کەوتمە بیری فیلمێکەوە کە ڕەسوڵ بۆی باسکردبووم. وتبووی لە فیلمەکەدا بینیوێتی کەسێکیان بە دوو تەختەوە بەستبووەوەو پاشان بزماریان بە لەپی دەستەکانیدا داکوتابوو. هەرچی بیرمکردەوە ناوی فیلمەکەم بیرنەکەوتەوە. دواتر گلابی مشاری هەڵگرت و چووە تاریکایی دوکانەکەوە. کە لە دوکانەکە هاتە دەرێ خوێن لە مەچەکی دەستەکانی دەتکایە سەر زەوییەکە. لە هەمان جێ ئەوەندە لەسەر شۆستەی بەردەم دوکانەکەی مایەوە، تا لە هۆش چوو و کەوت. هەڵەمان کرد، بەڕێز. بە خوا نەماندەویست بەمجۆرەی لێبێت. یەعنی کەس نەیدەویست، بەڕێز. نە من، نە ئاسی، نە ڕەسوڵ. بە تایبەت کە تازە عیدی مردبوو و کەس حەوسەڵەی ئەم کارانەی نەبوو.

**سەرچاوە:**

حکایت عشقی بی قاف بی شین بی نقگه
مجموعه داستان کوتاه
مصطفی مستور
چاپ چهارم
نشر چشمه
زمستان ١٣٨٥، تهران



مەستور یەکەمین چیرۆکی خۆی بە ناوی (دوو چاوی خانوویەکی تەڕ) لە ساڵی ١٣٦٩ نووسیوەو لە هەمان ساڵدا لە گۆڤاری کیان بڵاوبۆتەوە. ئەو یەکەمین کتێبی خۆی لە ساڵی ١٣٧٧ بە ناونیشانی (عەشقی سەر شۆستە) کە دوازدە کورتە چیرۆک بوو چاپ کرد. تا ئێستا نزیکەی سیازدە کتێبی هەیە کە زۆربەیان چیرۆک و ڕۆمانن و چەند کتێبێکی وەرگێڕانیشی هەیە.